سوپای ئێران: چاودێری جموجوڵەکانی دوژمن دەکەین



سوپای ئێران ئەمڕۆ شەممە رایگەیاند، دوژمن کە لە دوایین شڵەی خێیدا دەستکانی بە خوێنی گەلەکەمان سور دەکات، بە بیانوی پاراستنی گەلی ئێران هەوڵی هاندانی فیتنە دەدات.
سوپای ئێران ئەمڕۆ لەو بەیاننامەیەکدا باسی لەوەکردوە، "لە بەرامبەر هەوڵکان بۆ تێکدانی سەقامگیری ئاسایش بە پشتیوانیی قوارڵی زایەنی و تاقمە تیرۆریستییەکان، پاسوانی بەرژوەندی و ئاسایشی میللەت دەبین".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "گەلی هەشیار و خەباگرمان دەبێت بە وریا و یەکگرتویی بەنەتوە بە پوچەڵکردنەوەی ئەو پیلانانە و پوچەڵکردنەوەی ئامانجەکانی دوژمن".

ئەوەش هاتوە، "بەردەوام دەبین لە چاودێریکردنی جموجوڵەکانی دوژمن لە ناوچەکە و کاردەکەین بۆ پاراستنی بەرژوەندییە نیشتمانییەکان، ژێرخانی ستراتیژی، و سەروەت و سامان".
دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لەمیانی لێدوانێکدا لەبارەی خێپیشاندانەکانی ئێران وتی، "خەڵک دەست بەسەر شارەکاندا دەگرن، منیش زۆر لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخی ئێران دەکەم، کاتێک

دەست دەکەن بە کوشتنی خەڵک دەستوەردان دەکەم"، جەختیشی لەوە کردەوە کە "هەر هەڕەشەک بە سەر خەپیشاندەران بە وەڵامی توندی ئەمریکا بەرەوڕو دەبێتەوە".

ئاماژەی بەوەشکرد، دەستوەردانی ئێگەری مەرج نییە بە مانای ناردنی هێزی زەمینی بێت، بەڵام دوپاتیکردەوە کە "واشنتن توانای ئەوەی هەیە لەدانی زۆر بەهێز لەو شوێنانەی کە ئازاری هەیە ئەنجام بدات"، ئەوەش ئاماژەیە بە بژاردەی سەربازی یان ئابووری یەکلاکەرەوە.